# بەرپرسیارێتی فەلسەفە لە ڕووخانی شارستانی

ئەلبرت شفایزەر

لە عەرەبییەوە: عەبدوڵڵا مەحمود زەنگنە



ئێمە ئەمرۆ لە ساتەوەختی روخانی شارستانیداین. ئەم دۆخەش دەرەنجامی جەنگ نییە هێندەی جەنگ یەکێکە لە روالەت و دەرکەوتەکانی. کەشوهەوای رۆحی لە چەندین رووداوی کردەییدا دوچاری چەقبەستن هاتووەو کاریگەریەکەیشی رەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی لەسەری دەبێت، لە هەموو کایەکاندا دەرەنجامی وێرانکاری لێدەکەوێتەوە. ئەم کارلێکەی نێوان پرسە مادی و رۆحیەکان، خەسلەتێکی ئێجگار زیانبەخشی وەرگرتوە. ئێمە کەشتیەکەمان خستوەتە بەر شەپۆلی سەرکەشی ژێر تاڤگەیەکی بەخورەوە، بۆیە دەبێ هەولی زۆریش بدرێت بۆ رزگارکردنی کەشتیی چارەنوسمان لەو رێچکە لاوەکیەی خۆمان رێگەمان بۆ خۆشکردوە، تا دوبارە بیگێرینەوە بۆ شارێی سەرەکی، ئەگەر ئومێدێک بۆ گێرانەوەی مابێت.

بەهۆی بە راستیی بیرنەکردنەوەمان لە شارستانی، لە رەوتی سەرەکیی خودی شارستانی لامانداوە. بەلێ چەندین نوسینی جۆراوجۆر لە کۆتایی سەدەی رابردو و سەرەتای ئەم سەدەیەوە لە بارەی شارستانییەکانەوە دەرکەوتن، بەلام نەیانتوانی دۆخەکانی ئێستای ژیانی عەقلیمان روونبکەنەوە، بەلکو تەنها ئیشیان لەسەر بنەما و مێژووی شارستانی کردو بەوەش نەخشەیەکی دیار و بەرچاوی شارستانییان پێشکەشکردین، تیایدا ئەو رێگانەی خەلکی خرابوونە روو، کە لە سەدەی رێنیسانسەوە تا سەدەی بیستەم گرتوویانەتە بەر، یان خۆیان دایانهێناوە، هەر ئەو نوسینانەیش ئێمەیان گەیاندە پێدەشت و گردەکانی رەوتی مێژوو و هاوکات بووە سەرکەوتنی (هەستی مێژوویی) لای خاوەنەکانیان. ئەوانەی لەو نوسینانەیشەوە شتێک فێربوون، تەواو لە خۆیان رازی بوون کاتێک بۆیان دەرکەوت شارستانیەکەیان بەرهەمی چەندین سەدەی چالاکیی رۆحی و کۆمەلایەتیە، بەلام کەسێک نەهات وەسفی ناوەرۆکی ژیانی رۆحی و کۆمەلایەتیمان بۆ بکات و پەی بەو ناوەرۆکە بەرێت و فیکری بالا و توانای لە دۆزینەوەی پێشکەوتنێکی راستەقینە بخاتە بەر تاقیکردنەوە.

بۆیە لە دەروازەی سەدەی بیستەم بە فریوخواردوویی پەرییەنەوە، فریوخواردنێک هیچ شتێک نەیتوانی بیرەوێنێتەوە. هەموو ئەوانەیشی ئەوکات لە بارەی شارستانیەوە نوسران، بە ئامانجی بەهەندوەرگرتن و بایەخدان بوون بە بیروباوەرمان لە بالایی بەهای ئەو شارستانیە و هەرکەسیش لەوە بەگومان بوایە، بە نامۆییەوە تەماشای دەکرا. زۆرینەی ئەوانەی رێگەی هەلەیان گرتەبەر، وەستان و گەرانەوە بۆ راستەرێ، چونکە لە لارێگەکان دەترسان. زۆریش بە بێدەنگی لە شارێ بەردەوام بوون: ئەمانە ژیری و بیرتیژییەکەیان وایلێکردن بە گۆشەگیری بمێننەوە.



کانت

ئێستا بۆ هەموو کەس روون بوەتەوە شارستانی لە رێدایە بۆ خۆکوشتن و ئەوەشی ماوەتەوە لە دلنیاییدا نییە..بۆیە هێشتا ماوە، چونکە نەکەوتوەتە بەر ئەو تەوژمە وێرانکەرەی پاشکۆیەتیی داپۆشی، بەلاّم ئەمیش وەک ئەوانی تر لە لێواری کەندەلاّنێکی بنکەندا بونیادنراوە و دەشێت هەرەسێکی نوێ بیرووخێنێت. ئاخۆ ئەو پێشکەبیانە کامەن کە بوونە هۆی نەمانی گورو تینی نێو هێزی ناوەکیی شارستانی؟

سەدەی دۆزینەوەکان و عەقلّگەرایی کۆمەلێک ئایدیای ئاکاریی پشتبەستیان بە بوون و عەقل هێنایە ئارا و پابەندیش بوون بە گەشەسەندنی مرۆڤ(تاک) و گەیاندنی بە کەسێتیی راستەقینە و پێگەی لە کۆمەلگە و ئەو کێشە و گرفتە مادی و رۆحییانەی لە کۆمەلگەوە سەرچاوەیان گرتووە، هاوکات پەیوەندیش بوون بە پەیوەستیی باوی نێوان گەل و نەتەوە لەیەک جیاوازەکان، کە ئەو پەیوەستیە دەیەوێت مرۆڤایەتیەک بێتە ئارا تیایدا دەبوو لە پێناوی ئامانجە رۆحی و ئاکارییە بالاّکاندا یەکبگرن. ئەم ئایدیایانەش، لە فەلسەفەدا بێت یان لە بیرکردنەوەی گشتیدا، کەوتنە پەیوەندی بەستن بە واقیع و گۆرینی ژینگەی گشتی.

لە سێ یان چوار نەوەی رابردودا بە جۆرێک لە بواری ئەو هزروبیرانەدا کە بنچینەی شارستانین لە دەستکەوتە مادیەکانیدا پێشکەوتن بەدەستهێنرا، خەلکی هێنرانە ئەو بروایەی سپێدەی سەدەی شارستانیی راستەقینە لە جیهاندا گزنگی داوە و پەرەسەندنیش بێوەستان بەردەوام دەبێت، بەلاّم رێک لە ناوەراستی سەدەی نۆزدەدا ئەم لێکحالیبوون و هاریکاریە دوو لایەنەی نێوان ئایدیا ئاکاری و واقیعیەکان بەرەو دارمان چوون، چەند دەیەیەک دواتریش وردە وردە دیار نەما، تا بەتەواوی لەبن هات..کەواتە بە بێ بەرگری و سکالاّ مایەپووچ بوو، هزروبیرەکانی پاشکەوتن، وەک ئەوەی هێندە شەکەت بووبن، نەتوانێت هاورەوتیان بێت، ئەمە چۆن روویدا؟

فاکتەری بریاردەر لە سەرهەلدانی ئەو دەرەنجامەدا، دورکەوتنەوەی فەلسەفە بوو لە بەجێهێنانی ئەرکەکانی. لە سەرانسەری سەدەی هەژدە و نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەشدا، فەلسەفە فکری بەرێوە دەبرد و رێنمایی دەکردین و بایەخی بە هەموو پرسە مرۆییەکانی قۆناغە جیاجیاکان دەدا، فیکری مرۆڤی مەدەنیشی ناچاردەکرد بەردەوام چاوی لە فەلسەفە بێت. فەلسەفەی ئەو سەردەمە فەلسەفەکاریەکی سەرەتایی لە هەناودا بوو لەبارەی مرۆڤ و کۆمەلگە و نەژاد و مرۆڤایەتی و شارستانیەوە، کە دواجار بە شێوەیەکی سروشتی جۆرێک لە فەلسەفەی میللیی زیندوی بەرهەمهێنا، بیرکردنەوەی گشتیی کۆنترۆل کردبوو و هاوکات پەرۆشیی بۆ شارستانییش دەپاراست.

**بەهۆی بە راستیی بیرنەکردنەوەمان لە شارستانی، لە رەوتی سەرەکیی خودی شارستانی لامانداوە. بەلێ چەندین نوسینی جۆراوجۆر لە کۆتایی سەدەی رابردو و سەرەتای ئەم سەدەیەوە لە بارەی شارستانییەکانەوە دەرکەوتن، بەلاّم نەیانتوانی دۆخەکانی ئێستای ژیانی عەقلیمان روونبکەنەوە**

بەلاّم دواجار ئەم دیدە مۆرالیە گەشبینەیش بۆ شتەکان کە خاوەن دۆزینەوە و فێرگە عەقلیەکان بنچینەی فەلسەفە میللیە راست و دروستەکەیان تێدا دامەزراند، لەگەل تێپەرینی زەمەندا بێتوانابوو لە بەرەنگاربوونەوەی ئەو رەخنەیەی فیکری دەرهەست "ئەبستراکت" ئاراستەی کرد، چونکە هەر جەختکردنەوە سادە و ساکارەکانی خۆی توورەییان لە دژی وروژاند. (کانت) هەولیدا بنچینەی نوێ بۆ ئەو بونیادە شلۆقە زیاد بکات و بەپێی پێداویستیەکانی تیۆرێکی قولتر لە مەعریفەدا دیدە عەقلیەکە بۆ شتەکان گونجاوتر بکات، بێئەوەی دەستکاریی هیچ کام لە ژانرە رۆحیە بنچینەییەکانی بکات. لە نێوان گۆتە و شیلەر و چەندانی تردا لە پالەوانانی فکری ئەو سەردەمە، عەقلّگەرایی فەلسەفەیەکی راستەقینە نەبوو، هێندەی فەلسەفەیەکی میللی بوو، بۆیە رەخنەشیان لەو فەلسەفەیە چەندە عاتیفی بوو هێندەیش فریو و تەگبیرکاری بوو..هاوکات نەیانتوانی شتێکی نوێش بخەنە جێی ئەوەی بەو رەخنانە تێکیان شکاند، تا ببێتە پشتگیری لە فکرە باوەکان لە بارەی شارستانیی ئەو سەردەمە.

فیختە و هیگل و فەیلەسوفانی تریش هەرچەند رەخنەیان لەو عەقلّگەراییە گرت، بەلاّم هاوکات ئایدیا مۆرالیەکانیان پیرۆز راگرت و ویستیان لە رێی میتۆدی تیۆریەوە دیدێکی مۆرالی گەشبینی هاوشێوە دابنێن، مەبەستم لە گفتوگۆی لۆژیکی و میتافیزیکیە بۆ "بوون"ی ئەبستراکت و گەشەپێدانی بۆ گەردون. ئەوان توانییان بەو وەهمەی کە بە ئەفرێنەر و بەهرەبەخش ناویان دەبرد، بۆ سی تا چل سالێک خۆیان و خەلکیش فریو بدەن، بەجۆرێکیش راستی "هەقیقەتی" واقیعی راڤە بکەن، تا لەگەل بەرژەوەندیی تیۆرەکانیان لەبارەی گەردونەوە بگونجێت، بەلاّم لەوکاتەدا زانستە سروشتیەکان لە گەشەسەندن و بەهێزبووندا بوون و لە دژیان وەستانەوە و بە پەرۆشیەکی

میللیانەوە بۆ راستیە واقیعیەکان هەموو ئەندێشە جوانەکانی خەیاڵدانی ئەوانیان تێکدا.

لەو کاتەوە فیکرە مۆراڵیەکان کە بنچینەی شارستانی بوون، وەک هەژاری بێنەوا بە جیهاندا دەگەڕان. هیچ تیۆرێکی بنچینە بەهێزیش لە بارەی گەردونەوە پێشنەکەوت؛ هیچ تیۆرێک نەهاتە ئارا بتوانێت بانگەشەی تۆکمەیی و لۆژیکی و بەتینیی ناوەکی بۆخۆی بکات. ئیتر سەدەی ئەنگێزەی جەختکاری و بەڵگەنەویستی لە فەلسەفەدا بەسەرچوو و دواتر دان بە هیچ شتێکی تردا نەنرا وەک (هەق/ راستی) تەنها زانست نەبێت، کە وەسفی هەقیقەتی واقیعی دەکات. تیۆرە فراوانگیرەکانی جیهانیش وەک ئەستێرەی چەسپاو نەمانەوە، بەڵکو وا تەماشایان دەکرا کە بەرمەبنای گریمانەن و نەخرانە پێگەیەکی بەرزترەوە لە پێگەی ئەستێرە کلکدارەکان.

هەمان ئەو چەکەی گورزی لە ( ئەنگێزەی جەختکاری – النزعە التوکیدیە) لە مەعریفەی پەیوەند بە گەردونەوە وەشاند، گورزیشی لە دارشتنەوەی جەختکردن لە فیکرە رۆحیەکان وەشاند. هەموو ئەنگێزە سادەکان و عەقڵگەرایی رەخنەیی کانت و عەقڵی تیۆریی گەورە فەیلەسوفانیش بە توندی و بە دوو جۆر مامەڵەیان لەگەڵ هەقیقەتی واقیعیدا کرد: یەکەمیان ئەو دیدانەی کە بە فکری ئەبستراکت هێنرانە ئارا، لە راستیەکانی زانستی واقیعی بەرزتر دانا و دووهەمیش بانگەشەیان بۆ کۆمەڵێک فیکری مۆراڵی کرد بە مەبەستی ئەوەی پەیوەندی تری نوێ بخرێنە جێی پەیوەندیە باوەکانی نێو ژینگەی مادیی مرۆڤەکان. بەڵام کاتێک دەرکەوت جۆری یەکەم لەو توند مامەڵەکاریە هەڵەبوو، ئەم پرسیارە سەریهەڵدا: ئایا جۆری دووهەم هیچ پاساوێکی بۆ بانگەشەکانی ماوە؟ ئەو میتۆدە فێرگەییانەیش لە فیکردا وەک تەنها مادەیەک بۆ بەرهەمهێنانی پلانێکی تیۆری بۆ ئایندەیەکی باشتر روانیویانەتە جیهان، هەولی تریان بەدوادا هات بۆ تێگەیشتن لە بنچینەی مێژوویی هەموو ئەو شتانەی هەن و فەلسەفەی هیگل ئامادەباشیی بۆ کردن.

بە عەقڵیەتێکی لەوجۆرەشەوە، نەدەتوانرا ئایدیا مۆراڵیەکان و هەقیقەتی واقیعی تێکەڵ بە یەک بکرێن، چونکە ئازادبوون لە حوکمە پێشوەختەکان یەکێک بوو لەمەرجەکانی ئەو تێکەڵکردنە، بۆیە لاوازییەک کەوتە ئەو بیروباوەڕانەوە، کە هێزی گورپێدەری بوون. بەو جۆرەش، سنوورێک بۆ سەرکوتکردنی بیروباوەڕە مرۆییەکان و ئەو هەلومەرجانەش دانرا کە بێ ئەمانە کاری ریفۆرمانەی شارستانی پێشنەدەکەوت، دیارە ئەو سەرکوتکردنەش پاساوی خۆی هەبوو، چونکە پەیوەندبوو بە هەمان ئەو سەرکوتکردنەی واقیعەوە، کە ئەمیان پاساوی نەبوو، هەر ئەمەش بوو رەگەزی خەمناکی لە پەرەسەندنی دەرونیی ژیانی رۆحی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا.

> **فەلسەفە رۆژێک لە رۆژان فاکتەرێکی کارا بووە لەبەرهەمهێنانی بیروباوەڕی گشتی لەبارەی شارستانییەوە، بەڵام ئێستا و دوای ئەو داروخانەی لە ناوەراستی سەدەی نۆزدەدا روویدا، هەمان ئەو فەلسەفەیە بوەتە راکێشەری قازانجی پشکەکان و هەموو چالاکیەکانی لەوەدا چڕ کردوەتەوە**

عەقڵگەرایی خرا، بەڵام لەگەڵیدا هەموو بیروباوەڕە گەشبینە پەیوەندەکان بە مانای مۆراڵیی گەردون و مرۆڤایەتی و کۆمەڵگە و خودی مرۆڤ و ئەو بیروباوەڕانەی زادەی هەمان عەقڵگەراییش بوون نەمان، هەرچەند بیروباوەڕ وەک هێزی کاریگەر، تا ئەو رادەیەش مایەوە کە، کەس هەستی بەو کارەساتە نەکرد دەستپێکردبوو.

فەلسەفەش دەرکی بەوە نەکرد هێزی فیکرە پەیوەندەکان بە شارستانیەوە، کە کاریان بەو سپێردراوە، پرسێکی بە گومانە. لە یەکێک لە نوسینە زۆر جوانەکان لە بارەی مێژووی فەلسەفەوە کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا دەرکەوت، فەلسەفە وا پێناسە کراوە :" پرۆسەیەکە هەنگاو بە هەنگاو، بە هۆشیارییەکی تەواو روونەوە بیروباوەڕی پەیوەند بە شارستانیی پێ تەواو دەکرێت، ئەرکی فەلسەفەیش سەلماندنی راستگۆیی هەمەکیەتی"، بەڵام ئەو نوسینە خاڵێکی بنچینەیی لەبیرچوو کە بریتیە لەوەی سەردەمانێک هەبووە فەلسەفە بەوەوە نەوەستاوە لەبارەی بەهای شارستانیەوە قەناعەت بە خۆی بێنێت، بەڵکو بیروباوەڕەکانی گەیاندووە، بەوەی فیکری سودبەخش بن بۆ کاریگەری خستنە سەر بیرکردنەوەی گشتی، لەکاتێکدا لەنیوەی سەدەی نۆزدەوە بەرەو ژوور، ئەو بیروباوەڕانە وردە وردە بوونە جۆرێک لە سەرمایەی بێبەرهەم.

فەلسەفە رۆژێک لە رۆژان فاکتەرێکی کارا بووە لەبەرهەمهێنانی بیروباوەڕی گشتی لەبارەی شارستانییەوە، بەڵام ئێستا و دوای ئەو داروخانەی لە ناوەراستی سەدەی نۆزدەدا روویدا، هەمان ئەو فەلسەفەیە بوەتە راکێشەری قازانجی پشکەکان و هەموو چالاکیەکانی لەوەدا چڕ کردوەتەوە دور لە دنیای واقیعی دەتوانێت چەندە پاشەکەوت بکات..بگرە بوەتە زانستێک دەرەنجامەکانی زانستی سروشتی و زانستە مێژوویەکان پوختە

دەکاتەوە و کەرەستەی پێویستیان بۆ دانانی تیۆرێکی ئایندەیی لە بارەی گەردونەوە لێ وەردەگرێت، لە هەموو هەوڵەکانیشیدا لە جۆرەها بەشەکانی مەعریفەدا هەمان ئەم ئامانجەی لەبەرچاو گرتوە. هاوکات وردە وردە کەوتە کۆڵینەوە لە رابردوی خۆی، تا فەلسەفە بەکرداری بووە مێژووی فەلسەفە. رۆحی داهێنانی لەدەستدا و لە بیرکردنەوەی راستەقینە بەتاڵ بووەوە. کەوتە رامان لە دەرەنجامی زانستە بەشۆکیە" جوزئی"کان و خۆی توانای بیرکردنەوەی رەسەنانەی نەما. بە چەمینەوەیەکی سادەوە روانییە ئەو ئەنگێزە عەقڵییەی ئەمی تێکشکاند و خستی. شانازی بەوەوە دەکرد چوارچێوەی فیکریی کانتی تێپەڕاندووە، هیگڵیش مانای ناوەکیی لە مێژوودا بۆ خستوەتەروو و ئێستایش بە هاوسۆزی و هاوکاری ئیش لەگەڵ زانستە سروشتیەکاندا دەکات، بەلام وێرای هەموو ئەمانە، لەهەژارترین ئەنگێزە عەقڵیەکان هەژارتر بوو، چونکە بە مەجازی ئەرکی فەلسەفەی جێبەجێ دەکرد نەک بە هەقیقی، لە خەیاڵدا نەک لە واقیع، گەرچی پێشتر زۆر بە پەرۆشیەوە ئەو کارەی دەکرد. عەقڵگەرایی، وێرای سادەییەکەی، فەلسەفەیەکی کارا بوو، هەرچی خودی فەلسەفەشە، بووە فەلسەفەکاریی کەسانێکی پوچ. ئەگەر ئێستاش لە خوێندنگە و زانکۆکاندا رۆڵێکی مابێت، پەیامێکی بۆ ئەم جیهانە گەورەیە پێنەماوە. سەرباری بە ئاگاییشی، لە جیهان نامۆ بووە و ئیتر کێشەکانی ژیان کە خەڵکی و فیکریشیان بە خۆیانەوە سەرقاڵ کـردووە، ناکەونە چوارچێوەی چالاکیەکانیەوە. رێگەی لە ژیانی رۆحیی گشتیەوە دور کەوتوتەوە و وەک چۆن پاڵنەر و هۆشداریەکی لەم ژیانە رۆحیە وەرنەگرت، هیچیشی پێشکەش نەکرد. دوای ئەوەی بایەخدانی بە کێشە بنچینەییەکان رەتکردەوە، هیچ ژانرێکی سەرەکیی تێدا نەما بتوانرێت ببێتە فەلسەفەی گەل.

لـەم بێتواناییەشەوە رق لە هەموو فەلسەفەکاریەکی رەوا هاتە ئارا کە خەسڵەتیتی. فەلسەفەی میللی بـەلاوە بووە نمایشکردن بۆ عامەی خەڵکی، بە ئاسانکراوی و دواجاریش لە پێگەیەکی بێبەهادا کەوتە دەرخستنی ئەو دەرەنجامانەی زانستە لاوەکیەکان پێیگەیشتن و پوختکردنەوە و تێکەڵکردنیان لە تیۆرێکدا، سەبارەت بە گەردون. لە زۆرێک لە شتەکان بێئاگا بوو، مەبەستم بێئاگاییە لەوەی فەلسەفەیەکی میللی لەو نمایش و دەرخستنە پێکدێت، ئەرکی فەلسەفە ئەوەیە دەربەستی ئەو پرسە ناوەکیە رەسەنانە بێت، کە تاک و کۆمەڵەکان بیری لێدەکەنەوە، یان دەبێ ئەو بیریان لێبکاتەوە و میتۆدی فراوان و قوڵتریان بەسەردا بەرجەستە بکات..دواتریش بیانخاتەوە بەکارهێنانی گشتی، دواجاریش بەهای هەر فەلسەفەیەک لەوەدایە، تواناداری یان بێتوانایی لە بوونی بە فەلسەفەیەکی زیندوی گەل بپێورێت.

هەرشتێک قول بێت هاوکات ئاسانیشە، دەکرێت هەر بەمجۆرەش بەرهەمبهێنرێت ئەگەر پەیوەندیی خۆی لەگەڵ هەموو هەقیقەتدا بپارێزێت. ئیتر ئەوکات پرسێکی ئەبستراکتە و ژیانێکی فرەلایەن بۆ خۆی دەستەبەردەکات، ئەگەر بەواقیعەوە پەیوەست بێت. هەموو ئەو بیرکردنەوە هۆشمەندییانەی لای خەڵکی بە گشتی هەبوون ناچار پووکانەوە، چونکە ئەم فەلسەفەیە دانیپێدا نەنان و هاوکاریشی نەکردن، بەڵکو لە ئاستیدا رووبەرووی مەودایەک هاتەوە نەیتوانی لێی بپەڕێتەوە.

جـاران فەلسەفە دراوێکی زۆری زێرینی لە هەگبەدا بـوو، ئەمەیش ئـەو گریمانە پەیوەندانەیە بە تیۆرێکی گەردونییەوە کە تیایدا دواتر گەشەیسەند و گەنجینەکانی فەلسەفەی پرکرد لە زێـری تێزاب( واتـە زێـری لە بۆتە نەدراو)، بەلام هێندەی خۆراک نەبوو بۆ برسێتیە رۆحیەکانی ئەم سەردەمەی دابین بکات، بۆیە بە سامانەکانی خۆی فریوی خوارد و چاندنی زەویی بە بەرهەمی بەسود پشتگوێخست و دواجار سەردەمیشی بە چارەنوسی خۆیەوە گرێدا.


گۆتە

ئەوە تاوانی فەلسەفە نەبوو فکری ئەبستراکت، هەرگیز نەیتوانی لە بونیادنانی تیۆرێکی خەسڵەت مۆراڵی لە بارەی گەردونەوە سەرکەوتو بێت، تا لە

سایەیدا ئەو ئایدیایانە بێنە ئارا شارستانیان لەسەر دادەمەزرێت، چونکە ئەوە رووداوێکە لە سەروبەندی پەرەسەندنیدا زیاتر روون بوەوە، بەڵکو تاوانی فەلسەفە دەرهەق بەم سەردەمە لەوێدا بوو کە دانی بەو رووداوەدا نەنا و لەسەر وەهمەکانی خۆی سوربوو، بەو بروایەی ئەو هەڵوێستەی دەبێتە یارمەتیدەری پێشکەوتنی شارستانی.

ئەرکی گەورەی فەلسەفە ئەوەیە ببێتە بەڵگە و پارێزەری عەقڵی گشتی، لە بارودۆخەکانی ئەم سەردەمەیشدا ئەرکی ئەوە بوو بۆ هەموو دنیا دان بەوەدا بنێت، هیچ تیۆرێک سەبارەت گەردون ئایدیا ئاکارییەکانیان پشتراست نەکردوەتەوە، بەڵکو بۆ خۆیان بەجێهێڵران تا بە هێزی خۆیان لەم جیهانەدا رێگەی خۆیان ببرن. دەبوو بۆمان روونبکاتەوە کە دەبێ بۆ ئایدیا بنچینەییەکانی ئەم شارستانییەمان تێبکۆشین. هەروەک دەبوو لە هەوڵدابوایە تا بوونێکی سەربەخۆ بۆ ئەو ئایدیایانە بخولقێنێت کە بەهای ناوەکی و هەقیقەتی خودێتی خۆیان هەیە، دواجاریش بە بێ هیچ یارمەتیەکی دەرەکی لە تیۆرێکی هاوشێوەوە سەبارەت گەردون ژیان و چالاکییان بپارێزێت. دەبوو کەمتەرخەمیش نەبوایە لەوەی سەرنج و بایەخی رۆشنبیران و خەڵکانی ئاساییشی بۆ کێشەکانی ئەم شارستانیە رابکێشایە، بەڵام فەلسەفە لە هەموو شتێکدا فەلسەفەی نواند لە شارستانیدا نەبێت. بەرەوپێش چوو بۆ دانانی تیۆرێک لە بارەی گەردونەوە، وەک ئەوەی بەو تیۆرە بتوانێت هەموو شتێک بونیاد بنێتەوە، لەوە تێنەگەیشت ئەو تیۆرە، تەنانەت گەر تەواوکاریش بێت، لە دەرەوەی مێژوو و زانستدا دادەنرێت و بەوپێیەش تیۆرێکی گەشبینانە و ئاکاری نابێت و هەمیشە بەتیۆرێکی" بێتوانا لە بارەی گەردونەوە" دەمێنێتەوە و ناتوانێت هێز و گوری پێویست بۆ دانانی ئایدیاکانی و بووژاندنەوەیان دەستەبەر بکات.

فەلسەفە زۆر کەم نەبێت ئیشی لەسەر شارستانی نەکردوە، بەڵکو تێبینیی نەکرد خۆی و ئەو سەردەمەشی تیایدا دەژی هێدی هێدی لەناوی دەبەن.. کەواتە ئەو پاسەوانەی دەبوو لە ساتەوەختە مەترسیدارەکاندا هەمیشە چاوکراوە بێت، چاوی نوقاند و دەرەنجام ئێمەش نەمانتوانی لە پێناوی شارستانیەکەماندا تێبکۆشین.

**سەرچاوە:**

بەشی یەکەم لە کتێبی( فەلسەفەی شارستانی)،
ئەلبرت شفایزەر، وەرگێرانی بۆ عەرەبی: د. عەبدورەحمان بەدەوی